# ماڵی یار

هاشم سەڕاج




«ماڵی یار» کتێبێکی گرنگی «سوهراب سپهری»یە، «توانا ئەمین» لە فارسییەوە کردوویەتی بە کوردی و لە پەراوێزی هەر لاپەڕەیەکدا ناوی ئەو شار و شارۆچکە و دێ و گوڵ و باڵندە، یان ئەو کەسایەتییانەی ڕوونکردووەتەوە کە لە ژیاننامە و شیعرەکانی «سوهراب»دا هاتوون، یان ئاماژەیان بۆ کراوە.

سوهراب لەم کتێبەدا کە کۆمەڵێک تێکستی شیعری لەخۆگرتووە، لە قۆناغەکانی ژیانی دەدوێت، لە دەورانی منداڵییەوە تا ئەو کاتەی لە کۆلێژی هونەرە جوانەکانی تاران وەردەگیرێت، لەم خوێندنەوەیەدا هەوڵ دەدەم بەشێک لە وێستگەکانی ژیانی سوهراب بخەمە ڕوو، پاشان بەپێی توانایی لە فۆرم و ستایل و ئەتمۆسفیری شیعرەکانی بدوێم.

سوهراب سپهری «١٩٢٨-١٩٨٠» لە شاری «قوم» لە دایک بووە، بەڵام خۆی بە خەڵکی «کاشان» دەزانێت، ئەو کاتەی دایکی سوهرابی دەبێت کاتژمێر ١٢ی نیوەڕۆیە و گوێی لە دەنگی بانگ دەبێت.

پاشان لە قوم زۆر نامێننەوە و دەڕۆن بۆ شارەکانی «گوڵپایگان» و «خوانسار» ، دواتریش بۆ زێدی باووباپیریان، وەرگێڕی کوردی لە بارەی شارەکانەوە زانیاری زیاتر دەخاتەڕوو، «کاشان» دەکەوێتە باشووری پارێزگای ئەسفەهانەوە، «قوم» شارێکە ١٢٥کم لە باشووری تارانەوە دوورە، لای ئێرانییەکان بە تایبەتی شیعەکانی پیرۆزییەکی تایبەتی هەیە و وەک پایتەختی فەرهەنگی ئایینی ناوی دەبەن. «گوڵپایگان» شارێکی پارێزگای ئەسفەهانە و کەوتووەتە باکووری ڕۆژئاوای ئەم پارێزگایەوە، «خوانسار» شارێکە سەر بە پارێزگای ئەسفەهانە و هەم شارێکی مێژووییە هەم بە زەوی کشتوکاڵی بەناوبانگە، کێڵگەی گەنم و جۆ و دانەوێڵە و بێستانی گەورە و باغی میوەی تێدایە، سوهراب لە دەورانی منداڵی دەدوێت، کە بە ترس و سەرسامی گەمارۆ درابوو، لەنێو بازبازێنی خاوێن و چیرۆکە ترسناکەکاندا، لەگەڵ مام و پوورەکانیدا لە خانوویەکدا بەیەکەوە دەژیان، خانوویەکی گەورە باخێکی هەبوو هەموو جۆرە درەختێکی تێدابوو، دواتر لە دنیای شیعری و

شێوەکاری دەردەکەوێت، ئەم باخە گەورەیە سەرەتای ئاشنابوونی سوهرابە بە دنیای دارودرەخت و گوڵ و گیا و تێکەڵ بوونی بە سروشت، لەو باخەدا زەوییان دەکێڵا و داریان موتوربە دەکرد، هەر لەو ماڵەدا باوکی و مامەکانی خشتیان دەبڕی و گڵکاری و قاڵبسازییان دەکرد و مەکینەی دوورمان و پاسکیلیان چاک دەکردەوە و تاریان دروست دەکرد، خۆیان لە وێنەگرتندا تاقی دەکردەوە و تابلۆیان لە گوڵ و گیادا دروست دەکرد، گوارە و قوپچەش لە گوێچکەماسی. لە ژیاننامەی سوهرابدا کەشی ئەم ماڵ و باخە گەورەیە لە ڕووی جوانی و کار و پیشە و پێوەندی خانەوادەییەوە، چەشنی نۆڤلێتێک دەخرێتەڕوو، هەوڵ دەدەم لەم خوێندنەوەیەدا لە ژیانی سوهرابدا وێستگە شیعری و نیگارکێشییەکان دەستنیشان بکەم.

باوکی سوهراب تەلەگرافچی بووە، لە دیزاینیشدا دەسڕەنگین بووە، دەست و خەتێکی جوانی هەبووە و جارجاریش سازی ژەنیوە، باوکی هانی داوە حەز بە نیگارکێشی بکات و فێری ئەلفوبێی تەلەگرافیشی کردووە، سوهراب فەرشی چنیوە و بایەخی بە بیناسازی داوە و ساڵی ١٩٤٠ ماتۆڕسکیلی مامە گەورەکەی دزیوە و ماوەیەک پێی سووڕاوەتەوە، لە دەورانی منداڵیدا بە تەلانی باخ و ڕەزی خەڵکیدا بۆ هەنار و هەنجیر دزین هەڵزناوە، یان لە دەشتی «سەفی ئاوا» لەگەڵ برادەرەکانی لە سەرسنگ دەخشان، تا بتوانن لە بێستانی خەیار و کاڵەک نزیک بکەونەوە. ماڵی سوهراب بە تەنیشت بیابانەوە بووە و باوکی و مامەکانی ڕاوچی بوون، لەگەڵیان دەچێت بۆ ڕاو و مامە بچووکەکەی فێری تفەنگ تەقاندنی دەکات و یەکەم باڵندە کە ڕاوی دەکات «کەندەسمە» یەک بووە [مەلێکی جوانی ڕەنگاوڕەنگە، دەنووکی درێژ و خوارە، وەرگێڕی کوردی]، بەڵام ڕاو دڵخۆشی ناکات، کەچی لە ڕێگەی ڕاوکردنەوە زۆرتر تێکەڵ بە خودی سروشت دەبێت و ئۆرگانیسمەکان بە ڕوونی دەبینێت و دەست بە توێکڵی داردا دەهێنێت و بە ئاوی خاوێن و ڕەوان دەموچاوی دەشوات و نیگای هەڵهاتن و ئاوابوونی خۆر دەکات و جەستەی دەداتە بەرباو ساڵانێکی زۆریش نوێژ دەکات [من ساڵانێکی زۆر ئیماندار بووم، بێ ئەوەی خودایەک شک بەرم] باپیری مایینێکی سپی و جوانی هەبوو بە بەهێزی و یاخیبوونەکەی «سوهراب»یان پێ دەترساند، دەڵێ جا من لە زۆر شتان ترساوم، لە بەڕێوەبەری قوتابخانە، نزیکبوونەوەی کاتی نوێژ، بە ژنی ناشیرینی شەممە، کۆلارەکەم لە کتێبەکانم خۆشتر دەویست، زیکە زیکی زیکزەکەم پێ خۆشتر بوو لە ئامۆژگاری مامۆستا، لە پۆلی یەکی سەرەتایی وێنەی کێشاوە، لە هەژدە ساڵیدا هەستی کردووە هێشتا منداڵە، لە دە ساڵیدا دێڕە شیعرێکی نووسیوە، لە پشووی هاویندا، لە کارگەی ڕستن و چنینی شاری کاشان کاری کردووە، پاشان بووەتە فەرمانبەری قەڵاچۆکردنی کوللە، کەچی یەک دانە کوللەشی نەکوشتووە، بەڵکو لەسەر پشت ڕاکشاوە و سەیری فڕینی کوللەکانی کردووە، سوهراب لە قۆناغی ئامادەییدا زۆرتر سەرقاڵی نیگارکێشان بووە، لەگەڵ هاوپۆلەکانیدا دەچوونە دەشتودەر نیگاریان دەکێشا و لە شاری کاشان خۆشەویستیان دەکرد، دواتر دێتە تاران و لە پەیمانگای مامۆستایان درێژە بە خوێندن دەدات، دوای تەواوکردنی خوێندن دەگەڕێتەوە کاشان و هەست دەکات خانووە کۆنەکەیان لەدەست داوەو بە تەمەنەکانی ماڵەکە سەریان ناوەتەوە و مامەکانی لە ماڵێکی جیاوازدا دەژین، خێزانەکەی ئەوانیش لە خانوویەک کە دەکەوێتە نزیک وێستگەی شەمەندەفەر، سوهراب لەم ماڵەدا هەست بە ئارامی و تەنیایی دەکات و بە ڕەنگە زەیتییەکان نیگار دەکێشێت.

ساڵی ١٩٤٦ لە فەرمانگەی فەرهەنگ دەستبەکار دەبێت و شاعیری گەنج «موشفیق کاشانی» دەناسێت و پێشتر شیعرەکانی ئەوی خوێندووەتەوە، موشفیق هەڵەکانی کێش و سەروای بۆ ڕاست دەکاتەوە، پاشان ئەنجوومەنێکی ئەدەبی دادەمەزرێنن، سوهراب دەڵێت لەو ماوەیەدا [لەگەڵ ژیاندا کێشمەکێشێکی خۆشم هەبوو، هەنگاوی عاشقانەم دەنا و کەمتر کتێبم دەخوێندەوە و زۆرتر دەمڕوانی، لەنێو هێڵەکانی تەنیایی خۆمدا جەزبە دەیگرتم] شەوان کاروانی حوشترەکان لە نزیک ماڵی سوهرابەوە تێدەپەڕین و بەو جادەیەی کە ڕووەو ئەسفەهان دەچوو، دەمەو بەیانیش بە بارێک پێڵەوارەوە دەگەڕانەوە، دەنگی زەنگۆڵەی ملی حوشترەکان دووچاری غەمگینیی

دەکرد، هاوینی ١٩٤٨ لەگەڵ ماڵباتەکەیدا دەچن بۆ «قەمسەر».. شارۆچکەیەکی شاری کاشانە سەر بە پارێزگای ئەسفەهان، لە ئاستی ڕووی دەریاوە ١٩٠٠م بەرزە، نیمچە کوێستانی و گوڵ و گولزاراوییە، خەڵکەکەی بە وەبەرهێنانی گوڵاو و میوەوە سەرقاڵن.. وەرگێڕی کوردی] هەر لەوێش لەگەڵ «مەنوچێهر شەیبانی» ئاشنا دەبێت و ئەم ئاشنا بوونە دەیگۆڕێت.. [مەنوچێهر شەیبانی شانۆنامەنووس و شاعیر و نیگارکێشێکی ئێرانییە، هاوسەردەمی سوهراب بووە و کاریگەریان بەسەر یەکترەوە هەیە.. وەرگێڕی کوردی].

شەیبانی کارەکانی «ڤان کوخ»ی پێ نیشان دەدات و سوهراب تووشی شۆک دەبێت، هەرچییەک لە شەیبانی-یەوە دەبیستێت نوێیە، بۆ سبەینێ ستایلی نیگارکێشانی لەلا دەگۆڕێت و لە ناخرا هەست دەکات ئێستا مرۆڤێکی ترە، لەوکاتەوە لەگەڵ شەیبانیدا زۆرتر یەکتر دەبینن و دەڕۆن بۆ دەشتودەر و نیگار دەکێشن و دیالۆگ دەکەن و شەیبانی شیعرەکانی خۆی بۆ دەخوێنێتەوە و باسی «نیما» و زمانی نوێی شیعری نیمای بۆ دەکات، هەمان ساڵ لە کۆلێژی هونەرە جوانەکانی تاران وەردەگیرێت و ئەوکاتە سەردەمی گۆڕانکاری هونەرییە و «ئەنجوومەنی کەڵەشێرە شەڕکەرەکان» هەرایان ناوەتەوە و کۆن و نوێ لە ململانێ دانە، لە میانی ئەم ململانێیەوە کارەکانی سوهراب شێوەی خۆیان وەردەگرن [«ئەنجوومەنی کەڵەشێرە شەڕکەرەکان» ناوی ئەو ڕەوتە ئەدەبی و هونەرییەیە، کە ساڵی ١٩٥٠ لە ئێران لەسەر دەستی هونەرمەند و مامۆستای زانکۆ «جەلیل زیاپوور» دامەزرا. ئامانجی ئەم ڕەوتە شەڕکردن بوو لەگەڵ شێوازی کۆن، هەروەها ئامانجیان لە بواری شانۆ و مۆسیقا و نیگارکێشان و هونەر و ئەدەب بەگشتی داهێنان و نوێگەری بوو، ڕەوتەکە گۆڤارێکی بە هەمان ناوەوە چاپ دەکرد.. «وەرگێڕی کوردی»]

هەڵبەتە لە شیکردنەوەی ژیاننامەکی سوهرابدا بۆمان دەرکەوت یەکەم جار لە زاری «شەیبانی»یەوە گوێی لە ناوی «نیما یوشیج» و تێکستەکانی دەبێت و یەکسەر کاری تێدەکات، یان بە شیعرەکانی سەرسام دەبێت، بابزانین «نیما» کە بە باوکی شیعری نوێی ئێرانی دادەنرێت- کێیە و ناوی تەواوی چییە؟.. نیما یوشیج ١٨٩٧-١٩٥٩» ناوی «عەلی ئەسفەندیاری»یە و لە باکووری ئێران و لە دێیەکی دەوروبەری شاری مازەندەران لە دایک بووە، پاشان لە زانکۆی تاران فێری زمانی فەڕەنسی دەبێت و مامۆستایەکی هانی دەدات، کۆمەڵێک شیعری خۆرئاوایی بخوێنێتەوە، نیما لە هەمان کاتدا فێری زمانی «عەرەبی»یش دەبێت، نیما دوای ئاشنابوونی بە کۆمەڵێک تێکستی جیهانی دەتوانێت فۆرم و ستایلێکی تایبەتی بە تێکستەکانی خۆی ببەخشێت، بە تایبەتی لە ڕێگەی تێکشکاندنی فۆرم و ڕێسا کۆنەکان و بەکارهێنانی هەندێک زاراوە و دەربڕینی نوێ کە پێشتر لە شیعری فارسیدا بەکار نەبراون، هەروەها بە کارهێنانی ڕیتمی جۆراوجۆر و دنیابینی نوێ، نیما توانی قوتابخانەیەکی شیعری ئازاد و نوێ دابمەزرێنێت و پاش نیما چەند شاعیرێکی ئێرانی کاریگەر دەبن بەم قوتابخانەیە، پاشان هێدی هێدی ڕێچکەی تایبەتی خۆیان بدۆزنەوە، لەوانە ئەحمەدی شاملو کە دواتر بایەخ بە شیعری سپی دەدات و «مەهدی ئیخوان ثالس» جۆرێک لە گونجان لەنێوان شیعری کۆن و نوێدا دەخوڵقێنێت، فرووغ فروخزاد پاشان ستایلی خۆی دەدۆزێتەوە، هەروەها سوهراب سپهری سەرەتا لاسایی شیعرەکانی نیمایوشیج دەکاتەوە، بە تایبەتی شیعری «ئەفسانە»ی نیما کە هەڵگری جۆرێک لە ستایلی گێڕانەوەیە، پاشان ڕێگایەکی تایبەت بەخۆی دەدۆزێتەوە، هەڵبەتە «نیما یوشیج»یش سەرەتا لاسایی شیعری شاعیرە کۆنەکانی ئێرانی کردووەتەوە، لەم خوێندنەوەیەدا لە ڕێگەی ئینتەرنێتەوە سوودم لە کۆمەڵێک نووسین وەرگرتووە، بە تایبەتی لێکۆڵینەوەیەکی (د. ئەحمەد مووسا) دەربارەی شیعری نوێی ئێرانی، ئینجا لێرە بەدواوە هەوڵ دەدەم بە فۆرم و ستایل و بنەما و پێکهاتەی شیعرەکانی سوهراب سپهری ئاشنا بم.

زۆربەی توێژەران بڕوایان وایە کە سوهراب لە کتێبی «حجم سبز»... حەجمی سەوزدا ستایل و زمانی شیعری گۆڕانکارییان بەسەردا هاتووە، هەندێکی تریش وای بۆ دەچن کە لەنێوان سوهراب سپهری و فرووغ فروخزاددا لە ڕووی زمانی شیعرییەوە جۆرێک لە لێکچوون و نزیکبوونەوە هەیە، بەڵام وەک

دەردەکەوێت فۆرمی شیعرەکانی سوهراب زۆرتر لەبیرکردنەوە و گۆشەگیری و عیرفان و خەیاڵی ئازاد و شێوەکاری و ئەزموونەکانی گەشت و شارەزایی و جۆرێک لە سوریالیەتی ڕوون و شێک و کەشخەوە سەرچاوەی گرتووە، وێڕای تێکەڵبوونی بە ڕوح و جەوهەری سروشت، سوهراب شیعر و نیگارکێشان ئاوێزانی یەکتر دەکات و ڕستە و دەستەواژەکان بە مۆسیقایەکی ناسکی دەروونی دادەڕژێن و جۆرێک لە پێوەندی لەنێوان هزر و شتگەلەکاندا دروست دەکات و وشە و وێنەکان بە ڕیتمێکی تایبەتی پەیوەست بە یەک دەکرێن، سوهراب یەکێک لەو شاعیرانەی کە زۆرترین سەفەری بۆ وڵاتانی کردووە و لە سەفەرەکانیشیدا بەدوای نهێنییەکانی شیعر و شێوەکانیدا گەڕاوە، سوهراب چووەتە وڵاتانی خۆرئاوا و خۆرهەڵات، ڕۆما، ئەسینا، پاریس، قاهیرە، هیند «تاج محەل»، تۆکیۆ، ئەمریکا، ئەفریقیا، پاکستان، چین لە ژاپۆن هەوڵی داوە فێری هونەری پەیکەرتاشی بێت، سوهراب عاشقی سروشت بوو، زانیارییەکی زۆری لە بارەی ڕەنگەوە هەبووە و لە شیعرەکانیدا هەست و هزر و عیرفان باڵا دەستن، بەشێک لە توێژەران خولیای سۆفیزم و عیرفانی سوهراب بۆ قورئانی پیرۆز دەگەڕێننەوە، بەشێکی تر پێیان وایە لای سوهراب عیرفان و سۆفیزم تێکەڵەیەکە لە سۆفیزمی مانەوی، بوودایی، تاوی، هیندی.

هەڵبەتە ئەم حاڵەتە عیرفانییە لە ئەتمۆسفیری شیعرەکانی سوهرابدا ڕەنگی داوەتەوە، من وای بۆ دەچم لەوانەیە سوهراب لە ڕووی کورتبڕی و ڕیتمی هێمن و کرانەوەی بابەتی و بەکاربردنی وشەی باو و سادە و وێنەی شیعرییەوە سوودی لە بزاڤی وێنەگەرایی imagism «ئەزرا پاوەند ١٨٨٥- ١٩٧٢» وەرگرتبێت، پاشان سوهراب زۆرترین ساتەکانی ژیانی لە خەڵوەت و گۆشەگیریدا بەسەر بردووە- گۆشەگیرییەک لێوانلێو لە تێڕامان و عیشق و دڵەڕاوکێی عیرفانی. بەشێک لە شیعرەکانی کەشوهەوای «هایکۆ»ی «ژاپۆن»یان پێوە دیارە، سوهراب وێڕای زمانی فارسی چەند زمانێکی ئەوروپیشی زانیوە، پاشان لە خەڵوەت و گۆشەگیریدا هەوڵی داوە هەستەکان ئاوێزانی یەکتر بکات و لە سیاقی ڕستەدا دەلالەتی تایبەتی بە ڕەنگەکان ببەخشێت، سوهراب ساڵی ١٩٨٠ بە نەخۆشی شێرپەنجەی خوێن کۆچی دوایی دەکات، پێم باشە بەم شیعرەی خوارەوە کە لە کتێبی «ماڵی یار»دا بڵاوبووەتەوە کۆتایی بەم خوێندنەوەیە بهێنم:

**سادە ڕەنگ**

**ئاسمان؛ شین**
**ئاو؛ شینتر**
**من لە هەیوانم**
**ڕەعنا لەسەر حەوزێ**

**جلان دەشوا ڕەعنا**
**گەڵاکان دەوەرێن..**
**دایکم ئەم بەیانییە دەیگوت:**
**وەرزی دڵتەنگییە..**
**من پێم گوت:**
**ژیان سێوێکە**
**دەبێ بە توێکڵەوە گازی لێ بگرین..**

**ژنەی دراوسێ؛**
**لەبەردەم پەنجەرەکەیدا**
**تۆڕ دەچنێت و**
**گۆرانی دەڵێت..**
**من،**
**ڤیدا دەخوێنمەوە و**
**جار جارەش؛**
**سکێچی بەردێ، باڵندەیەک،**
**هەورێک دەکێشم**

**هەتاو و**
**ڕیشۆڵەکان هاتوون**
**تازە پێچیلە دەرکەوتووە**
**من؛**
**هەنارێک دەنک دەکەم**
**لە دڵی خۆمدا دەڵێم**
**خۆزگا ئەم خەڵکە**
**دەنگی دڵیان دیاربا**

**ئاوی هەنارەکە؛**
**دەپەڕێتە چاوم**
**چاوم پڕ دەبێ لە ئاو**
**دایکم پێ دەکەنێ؛**
**ڕەعنایش لەگەڵیا..!**

**سەرچاوە:**
**ناوی کتێب: ماڵی یار**
**بابەت: شیعر**
**نووسینی: سوهراب سپهری**
**وەرگێرانی لە فارسییەوە: توانا ئەمین**
**چاپی یەکەم، ٢٠١٥**
**لە بلاوکراوەکانی کتێبخانەی فێربوون، هەولێر، نزیک پارێزگا.**